Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.101010

# كۆتوبەندی سیمانتیكی لەزمانی كوردیدا

بێستون حەسەن ئەحمەد، شوان محمد عبدالرحمن

بەشی زمانی كوردی ، كۆلێژی پەروەردە،زانكۆی سلێمانی

**پوختەی**

واتا یەكێكە لەو دیاردانەی كە گرنگییەكی زۆری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە ، بەبەراورد لەگەڵ ئاستەكانی تری زمان زیاتر مەیلی گۆڕانی هەیە ، نەك تەنها لەگەڵ ئاستەكای زمان بەڵكو واتا دوانەیەكی دانەبڕاوە لەگەڵ زانستەكانی دیكەشدا، هەر زانستیك یاخود هەر شریتێكی دەنگی واتاكەی لێ داماڵرێت دەبێتە فۆرمێكی بۆش ،كەواتە واتا كرۆك و نرخی فۆرمەدەنگی و نوسراوەكان و تەنانەت هیماكانیش بێواتا هیچ بەهاو نرخێكیان نییە ، بۆیە ئەم توێژینەوەیە باسكردنێكە لەو كۆتوبەندە سیمانتیكییانەی لە زمانی كوردید هەن ، پێیوایە هیچ دەربڕینێكی دەنگی نییە، كە كۆتوبەندی سێمانتیكی لەسەرنەبێت. واتە دەربڕینەكان هەرەمەكی ئاراستەی بەرامبەرناكرێن، بەڵكو هەموویان بەهۆی كۆتوبەندكردنیانەوە سنوری دەربڕینەكانیان دیاریكراوە ،بەڵام كۆتوبەندەكان رێژەییە ،هۆكاری زۆرو كەمی رێژەكەش هـ زۆرن بۆ ئەوەی ( كەرەستەیەك بەدوای كەرەستەیەكی) دیكە بێت یاخود بە پێچەوانەوە، هۆكارەكانیش بریتین لە ( تواناشكاندنەوەی كەرەستەكە بەسەر كەرەستەكەی بەدوایەكداهاتووەكەی یاخود بەپیچەوانەوە ، پێچەوانە نەبوونی سەرجەم نیشانەواتاییەكان ، زانیاریی فەرهەنگی ئاوەزی ، كلتور و دابونەریت ، ئاین ، مێژووی بەكارهینانی كەرەستەكە ، بەكارهێنانی كەرەستەكان بەو قەبارەو شێوانە ، بوونی جیاوازی سیفاتێك لەیەك كەرەستەدا...هتد) بۆیە لێكۆڵینەوەكە لەدواتردا سەرجەم كۆتوبەندەكان بەپێی جۆری پێكەوەهتنەكان دەخاتەڕوو، ئەو كۆتوبەندانەش دەخاتەڕوو كە بۆچی بەدوایەكداهاتنی كەرەستەیەك لەگەڵ كەرەستەیەكی دیكەدا دروستنییە.

***Article Info***

Received: November, 2022

Revised: January, 2023

Accepted: April, 2023

***Keywords***

سیمانتیك،كۆتوبەندی سیمانتیكی، دەربڕینە ئازادەكان، دەربڕینەچەسپاوەكان، كۆمەڵەوشەوپێكەوەهاتن

***Corresponding Author***

## پێشەكی

**ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە**

ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە بریتییە لە : ( كۆتوبەندی سیمانتیكی لە زمانی كوردیدا) هەوڵدانێكە بۆ شیكردنەوەو خستنەڕووی ئەو كۆتوبەندانەی كە وادەكات( وشەوفریزێك )بەدوای یەكدابێن یاخود بەپێچەواوەوە.

**رێبازی لێكۆڵینەوەكە**

لەم توێژینەوەیە رێبازی ( وەسفی – شیكاری) گیراوەتەبەر بەپشت بەستن بەم رێبازە هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان وشەوفرێزەكان لەگەڵ یەكتردا و هۆكارەكانی هاوڕێیەتیكردنیان بخاتەڕوو،

**سنوری لێكۆڵینەوەكەوكەرەستەكانی**

سنوری لێكۆڵینەوەكە شیكردنەوە خستنەڕووی كۆتوبەندی پێكەوەهاتنەكانە لە چێوەی (دەربڕینەچەسپاوەكاندا) هاوكات لەگەڵ دەربڕینەچەسپاوەكاندا باسێك لە دەربڕینەئازادەكان وكۆتوبەندەكانیشیان دەكات. كەرەستە و نموونەكان لە (زمانی كوردی – دیالێكتی ناوەڕاست) وە وەرگیراون.

**ئامانجی لێكۆڵینەوەكە**

ئامانج لەم لێكۆڵینەوەیە ئاشناكردن و پیشاندانی كۆتوبەندی پێكەوهاتنەكانن، خستنەڕووی رێژەی كۆتوبەندەكان و لێكەوتەكانی شكاندنی كۆتوبەندەكان.

**گرفتی لێكۆڵینەوەكە**

فراوانی سنوری بابەتەكە ، هەروەها رونكردنەوەی سەرجەم كۆتوبەندی پێكەوەهاتنەكان یاخود پێكەوەنەهاتنەكان هەروا ئاسان نەبوو.

